Asylum Support Partnership
help and advice

Kurdish (Sorani) March 2009

# بڕیاری ئەرێیی سەبارەت بە داوای پەنابەرییەکەت

کاتێک فەرمانگەی سنووری بەریتانیا (UK Border Agency - UKBA) سەبارەت بە داوای پەنابەریت بڕیارێک دەدات و مۆڵەتی مانەوەت لەم وڵاتە پێدەبەخشێت ، یەکێک لەم مۆڵەتانەی خوارەوەت پێدەدرێت:

- مافی پەنابەری (Refugee status)
- پاراستنی مرۆڤدۆستانە (Humanitarian protection)
- مۆڵەتی مانەوەی تایبەت (Discretionary leave)

کاتێک یەکێک لەم مۆڵەتانەی سەرەوەت پێدەدرێت، ئەمە بەو واتایە نیە کەوا دەتوانیت هەتا هەتایە لە بەریتانیا بمێنیتەوە. کاتێک دەتوانیت هەتاسەر لە بەریتانیا بمێنیتەوە کە فەرمانگەی سنووری بەریتانیا مۆڵەتی مانەوەی هەتاسەر (indefinite leave to remain) ت پێ بدات کە بە 'سەقامگیربوون' یش ناسراوە.

## ئایا مافی پەنابەریت پێدراوە؟

ئەگەر مافی پەنابەریت پێدراوە ئەمە بەو واتایەیە کە بەگوێرەی پەیمانی پەنابەران (Refugee Convention) ی ساڵی 1951 بە پەنابەر ناسراویت.

کاتێک فەرمانگەی سنووری بەریتانیا مافی پەنابەریت پێدەدات، مۆڵەتت پێدەدات بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەم وڵاتە بمێنیتەوە. کاتێک لە کۆتایی ئەو ماوەیەدا داوای نوێ کردنەوەی مۆڵەتی مانەوەت دەکەیت، UKBA پێویستە ڕێگەت پێ بدات هەتا هەتایە لە بەریتانیا بمێنیتەوە بەمەرجێک کە لەو پێنج ساڵەدا:

- بارودۆخی ئەو وڵاتەی لێی هاتوویت بەشێوەیەکی بەرچاو نەگۆڕابێت؛
- بەشداریت لە هیچ کارێکدا نەکردبێت کە پێچەوانەی پرەنسیپەکانی پەیمانی پەنابەران بێت و
- تاقیکردنەوەی ژیان لە بەریتانیا (Life in the UK Test) تێپەڕ بکەیت کە بریتییە لە تاقیکردنەوەی ئاستی زانیاریت سەبارەت بە زمان و ژیان لە بەریتانیا یان کۆرسی زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی دووهەم و هاووڵاتیەتی وەربگریت.



Asylum Support Partnership is a partnership project hosted by the British Refugee Council
British Refugee Council, (commonly called the Refugee Council) is a company limited by guarantee registered in England and Wales, [No 2727514] and a registered charity, [No 1014576].
Registered office: 240-250 Ferndale Road, London SW9 8BB, United Kingdom, VAT reg no: 936 519 988

زۆر گرینگە کە پێش ئەوەی ماوەی مۆڵەتی مانەوەی پێنج ساڵەت بەسەر بچێت داوای نوێ کردنەوەی بکەیت. ئەگەر لە پاش بەسەرچوونی ماوەی مۆڵەتی مانەوەت داوای نوێکردنەوەی بکەیت، ئەوا UKBA بەوردی دۆخی پەنابەریت هەڵدەسەنگێنێت. ئەگەر لەپاش بەسەرچوونی مۆڵەتی مانەوەت داوای درێژکردنەوەی بکەیت، ئەمە لەوانەیە کاردانەوەی لەسەر مافی کارکردنت یان شیاوبوونت بۆ وەگرتنی دەرماڵەکانی خێروبێری ژیان دابنێت، هەر چەندە ئەمە لە کاتی ئێستادا روون نیە.

UKBA لەوانەیە بەر لەوەی ماوەی مۆڵەتی پێنج ساڵەکەت بەسەر بچێت کەیسەکەت هەڵسەنگێنێتەوە و بڕیار بدات کە چیتر پێویستیت بەوە نیە لە بەریتانیا بپارێزرێیت. ئەمە لەوانەیە لە حاڵەتێکدا روو بدات کە بارودۆخی وڵاتەکەت بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕابێت (و حکومەتی بەریتانیش لەو بارەیەوە ئاگاداری راگەیاندبێت) یان لەبەر ئەوەی چەند کارێک بکەیت لە دژی پرەنسیپەکانی پەیمانی پەنابەران بن. مافی داواکردنی پێداچوونەوە لە دژی ئەو بڕیارەت دەبێت.

کاتێک UKBA بڕیار دەدات کە چیتر پێویستیت بە پاراستن نیە، ئەو لەوانەیە مافی پاراستنی مرۆڤدۆستانە یان مۆڵەتی مانەوەی تایبەتت پێبدات یاخود بڕیار بدات کە لەم وڵاتە دەربچیت.

ئەگەر مێردت یان خێزانت و منداڵەکانت کە تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە لەگەڵت هاتوونەتە بەریتانیا، ئەوانیش هەمان مافیان پێدەدرێت. ئەگەر مێردت یان خێزانت و منداڵەکانت کە تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە لە بەریتانیادا لەگەڵت نین، دەتوانی داوا بکەیت بێن بۆلات.

ئەگەر دەتەوێت بۆ وڵاتێکی تر سەفەر بکەیت، ئەوا پێویستە لە UKBA داوای بەڵگەنامەی هاتوچۆی پەنابەران بکەیت. بەو بەڵگەنامەیە دەتوانی بۆ هەموو وڵاتێک سەفەر بکەیت، ئەو وڵاتە نەبێت کە لێی هاتوویت و دەترسیت لەوێ بکەویتە ژێر زەبر و زەنگ.

## ئایا مۆڵەتی پاراستنی مرۆڤدۆستانەت پێدراوە؟

ئەگەر شیاوی وەرگرتنی مافی پەنابەری نەبیت، UKBA لەوانەیە مۆڵەتی پاراستنی مرۆڤدۆستانەت پێ بدات. ئەم مۆڵەتەت کاتێک پێدەدرێت کە UKBA دان بەوە دابنێت کە گەڕانەوەت بۆ وڵاتی خۆت مەترسیدارە بەڵام مەرجەکانی بوون بە پەنابەر جێ بەجێ ناکەیت. خەڵکانێک هەن کە بەدەر لە هۆیەکانی داواکردنی پەنابەری مافی پاراستنی مرۆڤدۆستانەیان پێدەدرێت.

مۆڵەتی مانەوەی مرۆڤدۆستانە بۆ ماوەی پێنج ساڵ دەدرێت. ئەگەر مێردت یان خێزانت و منداڵەکانت کە تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە لە بەریتانیادا لەگەڵت نین، UKBA ڕێگەیان پێدەدات بێن بۆلات ئەگەر داوا بکەیت ڕێگەیان پێ بدرێت ئەم کارە بکەن.

گرینگە کە پێش ئەوەی ماوەی مۆڵەتی مانەوەی پێنج ساڵەت بەسەر بچێت داوای درێژکردنەوەی بکەیت. کاتێک لە کۆتایی ماوەی پێنج ساڵەی مۆڵەتەکەتدا داوای نوێکردنەوەی دەکەیت، UKBA دەبێت ڕێگەی پێ بدات هەتا هەتایە لە بەریتانیادا بمێنیتەوە ئەگەر لەو بڕوایە دابێت کە هێشتا پێویستیت بە پاراستن هەیە. ئەگەر UKBA لەو بڕوایەدا بێت کە هێشتا پێویستیت بە پاراستن هەیە، پێویستە ڕێگەت پێ بدات هەتا سەر لەم وڵاتە بمێنیتەوە بەمەرجێک تاقیکردنەوەی ژیان لە بەریتانیا تێپەڕ بکەیت. ئەگەر UKBA

بڕیار بدات كە چیتر پێویستیت بە پاراستن نیە، لەوانەیە بتوانی لە دژی ئەم بڕیارە داوای پێداچوونەوە بکەیت بەڵام لە کاتی ئێستادا ئەمە روون نیە.

فەرمانگەی سنووری بەریتانیا لەوانەیە بەر لەوەی ماوەی مۆڵەتی پێنج ساڵەکەت بەسەر بچێت کەیسەکەت هەڵسەنگێنێتەوە و بڕیار بدات كە چیتر پێویستیت بەوە نیە لە بەریتانیا بپارێزرێیت. ئەمە لەوانەیە لە حاڵەتێکدا روو بدات كە بارودۆخی وڵاتەکەت بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕابێت (و حکومەتی بەریتانیش لەو بارەیەوە ئاگاداری راگەیاندبێت) یان لەبەر ئەوەی چەند کارێک بکەیت لە دژی پرەنسیپەکانی پەیمانی پەنابەران بن. لەوە ئاگادارین کەوا حکومەت دەیەوێت مافی پێداچوونەوە لە دژی ئەم بڕیارە دەستەبەر بکات بەڵام لە کاتی ئێستادا ئەمە روون نیە. ئەگەر UKBA بڕیار بدات كە چیتر پێویستیت بە پاراستن نیە، ئەو لەوانەیە مافی پاراستنی مرۆڤدۆستانە یان مۆڵەتی مانەوەی تایبەتت پێبدات یاخود بڕیار بدات كە پێویستە لەم وڵاتە دەربچیت.

ئەگەر حەز دەکەیت بۆ وڵاتێکی تر سەفەر بکەیت، چاوەڕوانیت لێدەکرێت ئەو پاسپۆرتە بەکار بێنیت كە لە وڵاتی خۆت وەرت گرتوە. ئەگەر خاوەنی هیچ پاسپۆرتێک نیت، دەتوانیت داوای بەڵگەنامەی هاتوچۆ کردن لە UKBA بکەیت كە پێی دەگوترێت بڕوانامەی هاتوچۆ کردن (Certificate of Travel). تکایە ئاگاداربە كە چەند وڵاتێک هەن ئەم جۆرە بڕوانامانە وەکو بەڵگەنامەی متمانەپێکراوی سەفەر قبوڵ ناکەن. پێش ئەوەی داوای بڕوانامەیەکی هاتوچۆ کردن بکەیت، پەیوەندی بە باڵوێزخانەی ئەو وڵاتەوە بکە كە دەتەوێت سەردانی بکەیت.

## ئایا مۆڵەتی مانەوەی تایبەتت پێ دراوە؟

ئەگەر شیاوی وەرگرتنی مافی پەنابەری یان مۆڵەتی پاراستنی مرۆڤدۆستانە نەبیت. فەرمانگەی سنووری بەریتانیا لەوانەیە مۆڵەتی مانەوەی تایبەتت پێ بدات، كە زۆر جار لەبەر هۆکاری بەدەر لە هۆیەکانی داواکردنی مافی پەنابەری دەدرێت. ئەم مۆڵەتە بۆ ماوەی سێ ساڵ یان کەمتر دەدرێت.

کاتێک لە کۆتایی ماوەی مۆڵەتی سێ ساڵەی مانەوەی تایبەتدا داوای نوێکردنەوەی دەکەیت، فەرمانگەی سنووری بەریتانیا کەیسەکەت هەڵدەسەنگێنێت. ئەگەر بارودۆخت گونجاو بێت، UKBA دەتوانێت مۆڵەتی مانەوەی تایبەتت بۆ ماوەی سێ ساڵی تر درێژ بکاتەوە. لەپاش بەسەرچوونی شەش ساڵ بەسەر مۆڵەتی مانەوەی تایبەتدا، UKBA دەبێت رێگەت پێ بدات هەتا هەتایە لە بەریتانیا بمێنیتەوە بەمەرجێک تاقیکردنەوەی ژیان لە بەریتانیا تێپەڕ بکەیت.

UKBA زۆر جار رێگە بە مێردت، خێزانت و منداڵەکانت دەدات كە تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە بۆ ئەوەی بێن بۆلات دوای ئەوەی مۆڵەتی مانەوەی هەتاسەر لەم وڵاتە وەردەگریت. ئەگەر زووتر داوا بکەیت، ئەندامانی خێزانت تەنیا دەتوانن لەسەر بنەمای سۆزداری و هۆکاری مرۆڤدۆستانە بێن بۆلات. کاتێک داوا دەکەیت ئەندامانی خێزانت بێن بۆلات، دەبێت بیسەلمێنیت كە دەتوانی شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابین بکەیت و لەباری داراییەوە پشتگیریان لێ بکەیت.

ئەگەر حەز دەکەیت بۆ وڵاتێکی تر سەفەر بکەیت، چاوەڕوانیت لێدەکرێت ئەو پاسپۆرتە بەکار بێنیت كە لە وڵاتی خۆت وەرت گرتوە. ئەگەر خاوەنی هیچ پاسپۆرتێک نیت، دەتوانیت داوای بەڵگەنامەی هاتوچۆ کردن لە UKBA بکەیت كە پێی دەگوترێت بڕوانامەی هاتوچۆ کردن. کاتێک داوای بەڵگەنامەی هاتوچۆ

کردن لە UKBA دەکەیت، پێویستە بیسەلمێنیت کە دەسەڵاتدارانی وڵاتی خۆت بە شێوەیەکی ناماقووڵانە ئامادە نەبوون پاسپۆرتت پێ بدەن. تکایە ئاگاداربە کە چەند وڵاتێک هەن بەڵگەنامەی هاتوچۆی UKBA وەکو بەڵگەنامەی متمانەپێکراوی سەفەر قەبوڵ ناکەن. پێش ئەوەی داوای بڕوانامەیەکی هاتوچۆ کردن بکەیت، پەیوەندی بە باڵوێزخانەی ئەو وڵاتەوە بکە کە دەتەوێت سەردانی بکەیت.

## چ مافێکی ترم هەیە؟

ئەگەر مافی پەنابەری، مۆڵەتی پاراستنی مرۆڤدۆستانە یان مۆڵەتی مانەوەی تایبەتت وەرگرتوە، تا رادەیەکی زۆر هەمان ئەو ماف و شیاوبوونانەت دەبێت بۆ کەڵک وەرگرتن لە خزمەتگوزاریەکان کە هەموو هاووڵاتیانی تری بەریتانی هەیانە.

### ئایا دەتوانم کار بکەم؟

مۆڵەتی کارکردنت لەناو ئەو نامەیەدا دەنووسرێت کە لەلایەن فەرمانگەی سنووری بەریتانیاوە بەدەستت دەگات. پێویستە پەیوەندی بە نووسینگەی خۆجێیی ئیش دۆزینەوەی پلاس (Jobcentre Plus) ەوە بکەیت. بۆ دۆزینەوەی شوێنی ئەو نووسینگانە دەتوانی سەردانی کتێبخانەی خۆجێیی بکەیت، سەیری رێنمای تەلەفۆن بکەیت یان بڕوانیتە http://www.dwp.gov.uk. بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر سەبارەت بە مافەکانت بۆ کارکردن و ئەو هەڵبژاردنانەی دەخرێنە بەر دەستت کاتێک کەڵک لە راهێنان وەردەگریت بڕوانە *'رێنومایی پەنابەران بۤ راهێنان و کارکردن'* لەسەر ماڵپەڕی
http://languages.refugeecouncil.org.uk
ئەگەر لە سکۆتلەندا دەژیت، بڕوانە *دۆزینەوەی کار: رێنومایيەک بۆ پەنابەران لە سکۆتلەندا:*
http://www.scottishrefugeecouncil.org.uk/Employment_Toolkit

### ئایا دەتوانم کەڵک لە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی وەربگرم؟

شیاوی ئەوەیت کەڵک لە خزمەتگوزاریی بەبێ بەرامبەری چاودێری وەربگریت کە لەلایەن خزمەتگوزاری نیشتمانیی تەندروستی (National Health Service) یەوەی دابین دەکرێت. ئەمەش بریتییە لە چارەسەرکردنی فریاکەوتن و ئاسایی پزیشکی، رەچەتەی چەند دەرمانێک، خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیی منداڵ و منداڵداری، پلاندانان بۆ خێزان، چارەسەر کردنی ددان، تاقیکردنەوەی چاو و چاویلکە.

### ئایا دەتوانم داوای دەرماڵەکانی خێروبێری ژیان بکەم؟

ئەگەر ئامادە نیت بەدوای کار بگەڕێیت، پارەیەکی کەمت هەیە یان هیچ داهاتێکت نیە، دەتوانیت داوای دەرماڵەکانی خێروبێری ژیان بکەیت کە بە دەرماڵەکانی سۆشیاڵ سیکوریتیش ناسراون. بۆ ئەوەی داوایان بکەیت، پێویستە پەیوەندی بە نووسینگەی خۆجێیی ئیش دۆزینەوەی پلاسەوە بکەیت. بۆ دۆزینەوەی شوێنی ئەو نووسینگانە دەتوانی سەردانی کتێبخانەی خۆجێیی بکەیت، سەیری رێنمای تەلەفۆن بکەیت یان بڕوانیتە http://www.dwp.gov.uk. بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر سەبارەت بە دەرماڵەکانی خێروبێری ژیان بڕوانە *'رێنومایی پەنابەران بۆ دەرماڵەکانی خێروبێری ژیان'* لەسەر ماڵپەڕی http://languages.refugeecouncil.org.uk

### چۆن دەتوانم شوێنێک بۆ حەوانەوە بدۆزمەوە؟

ئەگەر لە شوێنێکی حەوانەوەدا دەژیت کە لەلایەن UKBA ەوە بۆت دابین کراوە، هەر کاتێک UKBA وەڵامێکی ئەرێیی سەبارەت بە داوای پەنابەریت پێدایت پێویستە لەو شوێنە دەربچیت و شوێنی حەوانەوەی تایبەت بە خۆت بدۆزیتەوە. ماوەی 28 ڕۆژت پێدەدرێت بۆ ئەوەی لەو شوێنە دەربچیت. پێویستە پەیوەندی بە دەسەڵاتی خۆجێیی یان نووسینگەی خانووبەرەوە بکەیت بۆ ئەوەی سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانت قسەیان لەگەڵ بکەیت. ئەگەر هیچ شوێنێکی ترت بۆ حەوانەوە نییە یان لەوانەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا ببیتە کەسێکی بێ ماڵ و حاڵ، دەتوانیت بەم ژمارە تەلەفۆنە 4444 800 0808 پەیوەندی بە هێڵی یارمەتی سەرپەنا (Shelter) ەوە بکەیت.

کاتێک شوێنی حەوانەوەی خۆت دەدۆزیتەوە، ئەوا دەبێت یان خۆت کرێکەی بدەیت یان داوای دەرماڵەی کرێ خانوو بکەیت. ئەگەر لەگەڵ هەواڵان یان خزم و کەسەکانت ماویتەوە، و دەتەوێت لەگەڵیاندا بمێنیتەوە، دەتوانی ئەو کارە بکەیت، بەڵام پێویستە پرس بە فەرمانگەیەکی ڕاوێژکاری بکەیت بۆ ئەوەی بزانیت ئەمە چ کاردانەوەیەکی لەسەر مافەکانت بۆ وەرگرتنی دەرماڵەکانی خێروبێری ژیان و کرێ خانوو دەبێت. بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر سەبارەت بە مافەکانت بۆ خانووبەرە و هەڵبژاردنەکانی، بڕوانە *ڕێنومایی پەنابەران بۆ خانووبەرە* لە http://languages.refugeecouncil.org.uk

مافەکانی خانووبەرە لە سکۆتلەندا جیاوازن. ئەگەر لە سکۆتلەندا دەژیت یان حەز دەکەیت لەوێ بژیت، تکایە بەم ژمارە تەلەفۆنە 6087 085 0800 پەیوەندی بە ئەنجومەنی سکۆتلەندیی پەنابەران (Scottish Refugee Council) ەوە بکە یان بڕوانە http://www.scottishrefugeecouncil.org.uk

### ئایا دەتوانم زیاتر بخوێنم یان کەڵک لە ڕاهێنانی پیشەیی وەربگرم؟

ژمارەیەکی زۆر کۆرس و شوێنی جیاجیا هەن کە دەتوانی تێیاندا بخوێنیت. بە شێوەیەکی گشتی ئەمانە دەکەونە ژێر بەرپرسایەتی دەسەڵاتی پەروەردەی خۆجێیی ئەو شوێنەی ئەو کۆرسانەیان تێدا ساز دەکرێن. دەتوانی لە کتێبخانەی خۆجێییت یان ماڵپەڕی دەسەڵاتی خۆجێییت ژمارەی تەلەفۆنی فێرگە پەروەردەییە جۆراوجۆرەکان لە ناوچەی ژیانت دەست بخەیت.

بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر سەبارەت بە دەرفەتەکانی ڕاهێنان دەتوانی بڕوانیتە *'ڕێنومایی پەنابەران بۆ ڕاهێنان و کارکردن* لە http://languages.refugeecouncil.org.uk

### زانیاریی تر

لەوانەیە پێویستیت بە یارمەتی و ئامۆژگاری هەبێت سەبارەت بە چۆنیەتی کەڵک وەرگرتن لەو خزمەتگوزاریانەی لە سەرەوە باسیان لێوە کراوە. ڕێکخراوی وەکو نووسینگەی ئامۆژگاری هاوڵاتیان (Citizens Advice Bureaux) زانیاری سەبارەت بە هەموو بابەتێک دەستەبەر دەکەن. ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراوی تر هەن کە ئەگەر پێویستیت بە وەرگێڕ هەبێت دەتوانن بۆتی دابین بکەن. لەوانەیە ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی پەنابەران لە گەڕەکی ژیانتدا هەبێت کە یارمەتی پەنابەرانێک دەدات کە لە وڵاتی خۆتەوە هاتوون و پشتگیریان لێدەکات. بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر، سەردانی کتێبخانەی خۆجێییت بکە، بڕوانە ڕێنمای تەلەفۆن یان سەیری ماڵپەڕی دەسەڵاتی خۆجێییت بکە. خزمەتگوزاری یەک وێستگە (One Stop Service) ی خۆجێییت لەوانەیە بتوانێت ژمارەکانی پەیوەندی ئەو ڕێکخراوە خۆجێییانەت پێ بدات کە ئامۆژگاری دەستەبەر دەکەن.

**بەڵگەنامەکانت**

کاتێک داوای خزمەتگوزاریەک دەکەیت لەوانەیە پێویست بکات ئەو نامەیە پیشان بدەیت کە لە UKBA ت وەرگرتوە و تێیدا نووسراوە کە مۆڵەتی مانەوەت پێدراوە. لەوانەیە پێویست بەوەش بکات کە نامەیەکی تری UKBA بەناوی NASS 35 پیشان بدەیت کە تێیدا نووسراوە کە ئەوان چیتر پشتگیریت لێ ناکەن.

**چاوەڕوانی کردن بۆ وەرگرتنی نوێکردنەوەی مۆڵەتی مانەوەت**

لەو ماوەیەدا کە چاوەڕوانیت UKBA بڕیارێک سەبارەت بە نوێکردنەوەی مۆڵەتی مانەوەت بدات، مافی کەڵک وەرگرتن لەو خزمەتگوزاریانەت دەبێت کە پێش داواکردنی نوێکردنەوەی مۆڵەتەکەت هەتبووە، بە مەرجێک بەر لە کۆتایی ماوەی مۆڵەتی مانەوەت داوای نوێکردنەوەیت کردبێت.

**سۆراغ کردنی ئەندامانی خێزان**

ئەگەر لە دەرەوە چیتر پەیوەندیت بە خێزانتەوە نەماوە، خاچی سوور (Red Cross) دەتوانێت یارمەتیت بدات بیان دۆزیتەوە. بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر سەبارەت لقێکی خۆجێیی خاچی سوور بڕوانە www.redcross.org.uk.

**تاقیکردنەوەی ژیان لە بەریتانیا**

ئەگەر داوای مۆڵەتی مانەوەی هەتاسەر (سەقامگیربوون) دەکەیت، پێویستە بیسەلمێنیت کە زانیاریت سەبارەت بە ژیان لەناو بەریتانیادا هەیە. دەتوانی لە رێگەی تاقیکردنەوەی ژیان لە بەریتانیا یان لە رێگەی ئامادەبوون لە کۆرسەکانی ئینگلیزی وەکو زمانی دووهەم و هاووڵاتیەتی ئەم کارە بکەیت. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە http://www.lifeintheuktest.gov.uk

**خزمەتگوزاری ئاوێتەبوون و کارکردنی پەنابەران**
**(Refugee Integration and Employment Service)**

ئەگەر لەپاش 2008/10/1 ەوە مافی پەنابەری یان مۆڵەتی پاراستنی مرۆڤدۆستانەت پێدراوە، لەوانەیە بشێیت کەڵک لە خزمەتگوزاریەک وەربگریت کە لەلایەن فەرمانگەکانی پەنابەرانەوە دابین دەکرێت بۆ هاسان کردنەوەی ئاوێتەبوونی پەنابەران لە کۆمەڵگەی بەریتانیدا. بۆ ئەوەی بزانیت کە ئایا شیاوی کەڵک وەرگرتن لەم خزمەتگوزاریەیت، پەیوەندی بە خاوەن کەیسی خۆت لە UKBA بکە یان سەردانی فەرمانگەی خۆجێیی پەنابەرانەوە بکە. بۆ وەرگرتنی وردەکاری پەیوەندی کردن بە فەرمانگەکانی پەنابەری بڕوانە http://languages.refugeecouncil.org.uk/english/services.htm

***ئەو زانیاریانەی لەم نامیلکەیەدا نووسراون شیکردنەوەیەکی تێروتەسەلی یاسا نیە و ئەمە تەنیا رێنومایییەکە. بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر سەبارەت بە خزمەتگوزاریەکان تکایە ئامۆژگاریی یاسایی وەربگرە. بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر سەبارەت بە دۆزینەوەی نوێنەرێکی یاسایی بڕوانە نامیلکەی داواکردنی پەنابەری لە http://languages.refugeecouncil.org.uk***

Asylum Support Partnership consists of:

North of England Refugee Service, charity number: 1091200 www.refugee.org.uk
Refugee Action, charity number: 283660 www.refugee-action.org.uk
Refugee Council, charity number: 1014576 www.refugeecouncil.org.uk
Scottish Refugee Council, charity number: SC008639 www.scottishrefugeecouncil.org.uk
Welsh Refugee Council, charity number: 1102449 www.welshrefugeecouncil.org